سودانی و نەچیرڤان بارزانی جەخت دەکەنەوە لەسەر گرنگی دەستبەرکردنی مافە دەستوریيەکانی سەرجەم پێکهاتەکان

سەرۆك وەزیرانی عێراق و سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆبونەوە و جەختیان کردەوە لەسەر گرنگی دەستبەرکردنی مافە دەستوریيەکانی سەرجەم پێکهاتەکان.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوێکی نوسینگەی سەرۆك وەزیرانی عێراق، ئەمڕۆ چوارشەممە لە پەراوێزی دیداری سلێمانی لە زانکۆی ئەمریکی لە عێراق- سلێمانی، هەریەکە لە محەمەد شیاع سودانی و نەچیرڤان بارزانی، سەرۆکی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کۆبونەوە و بارودۆخی گشتی و گرنگترین پرسەکانی گۆڕەپانی و ئابوریان لەسەر ئاستی نیشتمانی خستەڕو.

ئاماژە بەوەشکراوە، لەکۆبونەوەکەدا بارودۆخی سیاسی وڵات و دەسیە هاوبەشەکان تاوتوێ کران و جەخت کرایەوە لەسەر بەردەوامی هەماهەنگی و هاوکاری نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەشێوەیەک کە یەکگیزی نیشتمانی بەهێز بکات و خزمەت بە بەرژەوەندییە باڵاکانی عێراق بکات.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتوە، هەروەها جەخت کرایەوە لەسەر گرنگی دەستبەرکردنی مافە دەستوریيەکانی سەرجەم پێکهاتەکان و پەرەپێدانی هەماهەنگی نێوان سەرجەم هێزە نیشتمانییەکان، بە پاراستنی ئاسایش و سەقامگیریی وڵات و پشتیوانیکردن لەهەوڵەکانی حکومەتی فیدراڵی لەجێبەجێکردنی

پەژەکانی گەشەپەدان لەسەرانسەری عەراقدا.

لە بەشێکی دیکەی کەبونەوەکەدا پەشهاتە ناوچەیی و نەودەوەتییەکان و کاریگەرییەکانی لەسەر عەراق تاوتوێ کران و جەخت کرایەوە لەسەر پەویستی دورخستنەوەی عەراق لە ململانێکان و پاپشتیکردنی ئەو دەستپەشخەریانەی کە پەیەوەی چارەسەری ئاشتیانە و دیالۆگ دەکەن بە چارەسەرکردنی قەیرانەکانی ناوچەکە.